# ناوەندی کوردۆساید(چاك) زۆر بە قەد وەزارەتی شەهیدان کاری بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال و کیمیاباران کردووە



له دەستپێکی هەموو مەترسیەکان بۆ سەر نەتەوەکەمان و لەکاتی روودانی هەر کارەسات و یادی خۆشی و ناخۆشی و تەواوی ئەو بۆنە نەتەوەییەکانمان زوو لە ئیمێلەکەتەوە بەیاننامەیەکت پێ گەیشتووە و کە بێ شك لەلایەن ناوەندی کوردۆساید(چاك)ەوە بۆت هاتووە کە کۆمەڵە گەنجێکی کوردن و لە خۆبوردوانە و بێ لایەنانە بە هەست و سۆزێکی ئینسانی و کوردایەتی لەدەوری ئەم رێکخراوە کۆبوونەتەوە و سالآنێکە وەکو لوبی کوردی لە هەندەران بە تایبەتی لە ئەوروپا کار و چالاکیەکانیان بەڕێوە دەبەن، دەتوانم بڵێم لە زۆرینەی پارتە کوردیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کار و خەبات و چالاکی بەرفراوانیان زۆرتر و زیاترە، بەهۆی هەبوونی هەڵوێستی بێ لایەنانەیان لەسەر هەموو پرسە چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەمان گەلێ جاریش لەملا و ئەولا بیستوومانە کە بە دروستکراوی پارتەکان لە قەڵەم دراون، هاوکات ماڵپەڕێکیشیان بە 12 زمانی زیندووی جیهانی هەیە بەناونیشانی(www.kurdocide.com) بە پێویستمان زانی تیشکێك بخەینە سەر پێناس و مێژوو و ئامانج و پەیڕەو و بەرنامەی ئەو رێکخراوە بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنابن بەم رێکخراوە، هاوکات بوون بە ئەندامیش لەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە هەر لە رێگای ماڵپەڕەکەیانەوەیە جگە لەمەش کە نوێنەرایەتیان لە هەموو شار و ولأتێکدا هەیە، ئەوەی تا ئێستا زانراوە ئەم رێکخراوە بە هەزاران ئەندامی هەیە کە زۆرینەی نووسەر و رۆژنامەنووس و رووناکبیر و هونەرمەند و .... کوردی و جیهانیەکانە، بەڕێز(عەلی مەحمود محەمەد) لە ئەندامە هەرە دێرین و بەچاوەکانی ئەم رێکخراوەیە، لە دەرفەتێکدا داوای دیکۆمێنتەکانی ئەنفالمان لێی کرد بۆ ژمارەی تایبەتی گۆڤارەکەمان(گۆڤاری ئێوە) بە یادی ساڵوەگەڕی ئەنفال زۆر هاوکارمان بوو، ئەمجارەش بۆ ئەم دۆسیەیەی ناوەندی چاك هاوکاریەکی زۆری کردین، لێرەوە بەناوی ستاڤی گۆڤار دەستخۆشی لێ دەکەین.

شێرزاد عومەر مەحمود/ s4632628@gmail.com

کوردستان لە سەردەمی نوێ و دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، هەروەها بەتایبەتی لەدوای رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و کۆتاییی جەنگی جیهانی یەکەم، ئاڵوگۆڕی لە لایەن داگیرکەری جیاجیاوە پێکرا و بەژێر دەستەیی مایەوە، لەو ماوەیەدا و تا ئێستا خەڵکی کوردستان بەرەوڕووی چەوساندنەوە و هەوڵی تواندنەوەی بەردەوام بوون، ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی کوردستان کراون کەمتر نین لەو تاوانانەی بەرامبەر گەلانی تری

وەکـو ئینديانــەکانی ئەمــەريکا، ئەرمــەن، جولەکــە، هوتووەکــانی بۆرۆنــدی، توتسـييەکانی روانــدا، بۆســنييەکان ودارفورييەکان گەلانی ديکە کراون.

بەدرێـژايی تەمـەنی داگيرکـاری لـە کوردسـتاندا، هـەزاران گونـد، شـارەدێ و شارۆچکە سـوتێندراون و خـاپووورکراون. خەڵکی کوردستان لەکات و سەردەمی جياجيادا بەسەدان هەزاريان دەرکـراون يـان راگـوێزراون و لەشـوێنياندا تـورك، فارس و عەرەب نيشتەجێکراون. ناسنامەيان لێسەندراوە يان بەزۆر گۆڕدراوە، راوەدوو نـراون، دەسـتدرێژی کراوەتـە سـەريان، زينـدانيکراون، رفێنـدراون و شـوێنبزرکراون. ئـەو پاکتـاوە سيسـتەماتيکييانە لـە لايـەن داگيرکەرانـەوە پيادەکراوە. هەموو ئەو تاوانانە بەرامبەر بەبوونی نەتەوەی کورد و ئەندامانی سەر بەم نەتەوەيە لەبەر کـورد بـوون ئەنجامدراون.

داگيرکەرانی کوردستان سڵيان لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغـەکراوی وەکو ژاری کيميـاوی و ئەنجامـدانی کۆمـەڵکوژی نەکردۆتـەوە. ژينۆسـايدکردنی کوردەکـانی ناوچـەی دەرسـيمی بـاکووری وڵـات لـە سـاڵانی 1937 و 1938دا ژاری کيمياوی بۆ لەناوبردنی کورد لەلايەن دەوڵەتی تورکياوە بەکارهاتووە کە پێشتريش لە ساڵی1915دا,گەلی ئەرمەنی جينۆسايدکرد و زياتر لە مليۆن و نيوێك هاووڵاتی ئەرمەنی لە ناو برد, هاوکـات سـريانەکانيش بێبـەش نـەکران لـە کۆمەڵکوژی. لەبەهاری ساڵی 1987 لە گوندەکانی بانە و مەريوانی خۆرهەڵاتی ووڵات، گوندەکانی خۆشناوەتيی وەکو شێخوەسان و باليسانی باشووری ووڵات هـەروەها دواتـر شـاری سـەردەشـتی خۆرهـەڵاتی ووڵـات وەکو يەکـەمين شـاری کوردستان، ژاری کيمياوی لە ژينۆسايدی کورداندا بـەکار هـاتووە. لـە مـارتی 1988دا گـەورەترين هێرشـی کيميـاوی بەرامبـەر بـە خـەڵکی سـڤيل لـە مێـژووی مرۆڤايەتيـدا لەلايـەن دەوڵـەتی داگيرکـەری ئێـراق کرايـە سـەر خـەڵکی بێبـەرگريی شـاری هەڵەبجە لـە باشـووری کوردسـتان. هـەر لـە هـەمان سـاڵدا لـە ناوچـەکانی سێوسـێنان، گـەرميان، گۆپتەپە،خۆشناوەتی، باڵەکايەتی و بادينان لە باشووری کوردستاندا ژاربارانی ئەم ناوچانە کرا.

کۆمەڵکوژيەکانی قـەڵادزێ، قـارنێ و قـەڵاتان ، عـاموودا و دەرسـيم و هـی ديکـە ئامـاژە بـەپاکتاوی رەگـەزی و تـاوانی جـەنگ و دژ بەمرۆڤايـەتی دەکـەن. بەعـەرەبکردن، تواندنـەوە و پاکتـاوی سيسـتەماتيکيانەی کـوردە فەيلييـەکان و ئێزديەکان لـە باشـووری کوردسـتان و ئێراقـدا، کۆمـەڵکوژيی نزيکـەی 8000 بـارزانی لەسـاڵی 1983 و 182.000 هەزار کـەس لـە پرۆسـەی ئـەنفال لـە سـاڵی 1988دا، لەگـەڵ خـاپورکردنی هـەزاران گونـد و شـارەدێ و شارۆچکەی باشووری کوردستان بەڵگەی بوونی تاوانی ژينۆسايد دەسەلمێنن.

نکۆڵيکردن لە مافە نەتەوەيی و فەرهەنگييەکان و قەدەغەکردنی زمانی کـوردی لـە بـاکووری کوردسـتان، راگواسـتنی زۆرە مليێيانەی گونـدەکان و هەوڵـدان بـۆ تێکـدانی شـوێنەوارەکان و ... هتـد، بەشـێکی ديکەيـە لەسياسـەتی پاکتـاوی رەگەزی و ژينۆسايد، کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراوە.

بە هەمان شێوە سياسەتی نکۆڵيکردن لە بـوونی نەتەوەيـەك بـەناوی کـوردەوە، سياسـەتی تـەعريبکردن لـە رۆژئـاوای کوردستان و دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زاری کوردان بەياسا بەڕێوە دەچێت لە سياسەتی پاکتاوی نەتەوەيی دژ بە کورد سەرچاوە دەگرێت.

مێژووی دروستبوونی چاودێری کوردۆسايد

بـەهۆی لـەبيرکردن، کەمتەرخـەمی و بێـدەنگی بەرامبـەر بـە دۆسـييەی هەڵەبجە و ئـەنفال و سياسـەتی پاکتـاوی نەتەوەيی لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لە رێکەوتی 6-1-2002 بەبانگەوازێك کـە لـە ماڵپـەڕی کوردسـتان نێـت بڵاو کرايەوە، کەمپينی هەڵەبجە و ئەنفال راگەيەنرا، لەدەستپێکدا دەستەيەك لەکوردستانييانی هەندەران و نـاوخۆی

کوردستان لەدەوری کۆبوونەوە و بوونی ڕێکخراوێکی وایان بەپێویست زانی. سەرەتا لەسەر تۆری ئەنتەرنێت لەڕێگەی پاڵتۆلك (ژووری کوردستان پێشکەوتنخوازان) درێژەی بەکار و چالاکیەکانی خۆیدا. ئەم کەمپینە درێژەی کێشا و خەڵکی دیکەی لێ کۆبووەوە، کە پێویستبوونی ڕێکخراوێکی گەورەتر و خاوەن ئاسۆیەکی دوورتری هێنایەپێشەوە. ئەوەبوو لەمانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا لە کۆبوونەوەیەکدا لە پاڵتۆلك، کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال گۆڕدرا بۆ ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خاوەن پەیڕەو و پرۆگرام، بە ناوی "ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد (چاك)"، کە وەکو ناوەندی چاك ناسرا و لەکار و چالاکیەکانیدا بەردەوام بوو. لە 3-6-2006دا یەکەم کۆنگرەی زیندووی خۆی لە ئاڵمانیا لە باژێڕی کۆڵن بەست. لەم ماوەیەی تەمەنی چاکدا گەلێك کار و چالاکی گرنگ لە بوارەکانی ناساندنی ژینۆساید و بەدادگاییگەیاندنی تاوانباران ئەنجام دراون. لە1-2 ی دیسەمبەری2007دا، ناوەندی چاك کۆنگرەی دووەمی ئاوارتەی خۆیی لە ئاڵمانیا بەست، هەروەها لە پلۆنۆمی شەهید سۆران مامە حەمەی چاکدا کە لە بەرواری24-25ی ژەنیوەری 2009 لە شاری ئارنهیمی هۆڵەندا بەسترا,ناوی ناوەند لە "ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاك "ەوە گۆڕا بۆ "چاودێری کوردۆساید-چاك". لە ڕۆژانی 27، 28 و 29ی نۆڤەمبەری 2009دا، کۆنگرەی سێیەمی خۆیی لە وڵاتی دانمارك لە باژێڕی ئاسنێس گرێدا. ئەو کۆنگرانە گوڕێکی زۆر باش بوون تاوەکو ڕێکخراوەکە باشتر بە کارەکانی خۆیدا بچێتەوە و پلانی هەنگاوەکانی داهاتووی دابڕێژێت.

پێناسە:

ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات.

ئامانجەکان:

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی (مەڵبەندێکی توێژینەوەی زانستیی تایبەت بە ژینۆسایدی کوردستانییان) لە باشوری کوردستاندا و هەر بەشێکی دیکەی کوردستان کە بواری دامەزراندنی هەبێت. بۆ:

ئ/ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی تاوانی پاکتاوی رەگەزی، کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە گەلی کوردستان.

ب/ لێکۆڵینەوە و بەدۆکیومێنتکردنی تەواوی ئەو تاوانانەی کە بوونەتە هۆی قەڵاچۆکاری و تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە کوردستاندا، لە لایەن هەر دەسەڵاتێکەوە بووبێت.

پ/ ناساندنی ئەو تاوانانەی دژ بە کوردستانییان وەك هەوڵی پاکسازیی رەگەزی و ژینۆساید لە ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا، هەروەها ناساندنی تاوانە کۆمەڵکوژیەکان بە جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی چاپکردنی کتێبی بەڵگەنامەیی بە زمانە بیانییەکان و بەرهەمهێنانی فیلم و فیلمی دۆکومێنتەری لەسەر ئەو کارەساتانە.

ج/ بەمیللیکردنی کارەساتەکانی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید، بە مەبەستی درووستکردنی هوشیارییەکی مرۆڤدۆستانە لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەمەش لەڕێگای جێکردنەوەی ئەو بابەتانە لە ناو کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستاندا. هاوکات لەسەر ئاستی میللیش کاری بۆ بکرێت لە ڕێگەی سازکردنی سیمینار و چاپکردنی گۆڤار و کتێبی تایبەت بەم بابەتە.

چ/ ڕاهێنانی خەڵکانی پسپۆڕ و ئەکادیمی بۆ توێژینەوە لە سەر تەرمەکانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و کەلوپەلەکانیان و شارەزایانی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان.

ح/ کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو لەسەر قوربانییانی هەر یەك لە کۆمەڵکوژییەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی شەڕی ناوخۆ، کە تائێستا چارەنووسی زۆرێکیان دیار نییە.

2- درێژەدان بە گەڕانی تیمە پسپۆڕیەکان بۆ دۆزینەوە و پشکنینی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، کۆکردنەوەی زانیاری ورد و تەواو لەسەر ژمارەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، ناسنامە و ژمارەی قوربانیان، شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان.

3- کردنەوەی مۆزەخانەیەك، کە هەموو کەلوپەل و پاشماوەکانی تاوانی ئەنفال و قوربانیانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە کوردستان، ناسنامە و بەڵگەنامەکانی قوربانیان، بڕیاری تاوانەکان و وێنە و دۆکیۆمێنتی جۆراوجۆر و ناوی قوربانیان و وێنە، سەربووردە و گێڕانەوەکانی ڕزگاربووانی ئەنفال و قوربانیانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، نامەی ئەکادیمی و زانستی و توێژینەوەکانی ئەم بوارە، کتێب و ڕاپۆرتی ڕێکخراوە جیهانییەکان لە سەر ئەو تاوانە... هتد لەخۆ بگرێت.

4- کێشکردنی تاوانباران (داڕێژەرانی بیرۆکەی پاکتاوی ڕەگەزی و ژینۆساید، نەخشە داڕێژەرانی، جێبەجێکەرانی، هاوکارەکانی) بۆ دادگا، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانمان، لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵات، بەڵام ناردنی دۆسیەکان بۆ دادگای نێودەوڵەتی باشترین خزمەت بە دۆزی گەلەکەمان دەگەیەنێت، بۆیە بردنی دۆزی کۆمەڵکوژیەکان و ژینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ دادگایەکی لەم جۆرە داخوازیی ئێمەیە، ئەرکی ڕێکخراوەکەمانە کە:

- زانیاری لەسەر تاوانکاران و تاوانەکانیان کۆبکاتەوە.
- سکاڵایان لەسەر تۆمار بکات.
- شوێنپێی هەڵاتووەکان هەڵبگرێت و بیاندۆزێتەوە.
- مۆنومێنتی تایبەتیان بۆ دروست بکات، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی میللی وەك تاوانکارێك لە یاد نەکرێن.

5- دەبێت دەوڵەتانی تاوانبار بە یاسای تایبەت دان بە تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی گەلی کودستاندا بنێن و وەك ئەرکێکی ویژدانی و مۆراڵی و مرۆڤایەتیش بەفەرمی داوای لێبووردن لەگەلی کوردستان بکەن، هەروەها حکومەتی ئەو وڵاتانە قەرەبووی زیانە مرۆیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە لە شوێنی ڕووداوەکە کەوتوون، بکەنەوە.

6- بەرزکردنەوەی سکاڵای یاسایی دژ بەو کۆمپانیا و دەوڵەتانەی کە هاوکاری ڕژێمی تاوانکاریان لە فرۆشتن، دروستکردن و گواستنەوە، یارمەتیی لۆجیستی، پەرەپێدانی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی کردووە.

7- هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ڕۆژی 3/16 وەك ڕۆژی جیهانی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئاستی جیهان, هەروەها ڕۆژی 4/14 وەك ڕۆژی ژینۆسایدی ئەنفال لە سەر ئاستی کوردستانی.

8- یادکردنەوەی تاوانەکان و بەرز ڕاگرتنی یادەوەری قوربانیانی گەلەکەمان ,یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی ناوەندەکەمانە,هەر بۆیە ساڵانە بە گرنگییەوە ئەم یادانە دەکاتەوە:

ا- یادکردنەوەی قوربانیانی کیمیاویی شاری سەردەشت لە بەرواری 6/28 و تاوانی کۆمەڵکوژی قارنی لە بەرواری 9/2 ی هەموو ساڵێك.

ب- یادکردنەوەی قوربانیانی عامودا لە بەرواری 11/13 ی هەموو ساڵێك .

پ- یادکردنەوەی تاوانی ژینۆسایدی دەرسیم لە بەرواری 16-11 هەموو ساڵێك (رۆژی لەسێدارەدانی شیخ رەزا و هاورێکانی).

ت- یادکردنەوەی قوربانیانی ژینۆسایدی فەیلییەکان لە بەرواری 10-4 و ژینۆسایدی بارزانییەکان لە بەرواری 31-7 ی هەموو ساڵێك.

9- هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی توانای ژنانی بەجێماوی ئەنفال لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، رووناکبیری لە رێگەی پرۆژەی جۆراوجۆر بە سودوەرگرتن لە رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. (گەشەپێدان و دابینکرنی پێداویستیی تایبەت بۆ منداڵان و هەروەها خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان).

10- هەوڵدان بۆ رێکخراوکردنی کەسوکاری قوربانییان و بەدیهێنانی خواستە رەواکانیان لە دابینکردنی خانو و پێداویستییە سەرەتاییەکان و گەرانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی ناو کۆمەڵگە.

11- کارکردن بۆ باشترکردنی باری ژیانی کەسوکاری قوربانیان بە کەمکردنەوەی جیاوازی داهاتیان لە گەڵ خاوەن موچە باڵاکان، جیاوازی بەرزترین موچە لەسەر ئاستی هەرێم لەگەڵ کەمترین موچەی قوربانیان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان نابێت یەك بە دە زیاتر بێت. هاوکات هەموو جیاوازییەك لە نێوان موچەی شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کوردستان و پلەکردن و جیاوازیکردن لەسەر بنچینەی حیزبایەتی و بنەماڵەیی پێویستە نەمێنێت، لیستی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و موچەکانیان بە شێوەی ترانسپەرانت بڵاوبکرێتەوە، هاوکات پێویستە:

- هەموو شەهیدانی هاووڵاتی کە بەدەستی رژێمی بەعس شەهید کراون وەك شەهیدی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بناسرێن و لە رووی ئیمتیازەوە جیاوازیان لەگەڵ شەهیدانی دیدا نەبێت.

- هەموو تێکۆشەران و هاوڵاتیانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە لە باشوور تیرۆرکراون وەك شەهید بناسرێن و هەوڵی دۆزینەوەی تاوانبارانی ئەو کارەساتە بدرێت.

- هەموو بێسەروشوێنان کە چارەنووسیان دیار نییە وەك شەهید بناسرێن، یاخود لە ماوەیەکی نزیکدا چارەنووسیان دیاریبکرێت ئەگەر ماون.

12- تێکۆشان (کارکردن) بۆ چارەسەرکردنی قوربانیەکانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، هەروەها نەوەکانی دوای تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی کە بەهۆی پاشماوەی شوینەواری ژاری کیمیاوی و چەکی کۆمەڵکوژی تەندروستیان ناتەواوە و یان لە رووی دەرونییەوە ئازار دەچێژن.

13- پەرەپێدانی هۆشیاریی گەلی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی کەسوکاری قوربانیان، سەبارەت بە ناوەرۆکی مەبەستی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ، هەروەها مافی قوربانییان و ئەو رێگە یاساییانەی بۆ بەدەستهێنانیان دەکرێت بگرێنە بەر.

14- دژایەتی و بەرهەڵستی و لە قاودانی هەر تاوانێك بەرامبەر بە کەمە نەتەوایەتی و ئاینیەکانی دانیشتووی کوردستان ئەنجام بدرێت، پشتیوانی لە ناساندنی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان ئەنجامدراوە لە رابردوودا.

15- بەشداریکردن لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی دژ بە ئەنجامدانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بە گەلان رێکدەخرێت لە جیهاندا .

16- چاودێری کوردۆساید پشتیوانی دەکات لە:

- دادگای تاوانی نێونەتەوەیی ناسراو بە ICC.

- پشتیوانیکردن لە ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی ناسراو بە OPCW.

- پشتیوانیکردن لە کار و هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ.

- پشتیوانیکردن لە هەموو هەوڵێك بۆ سەپاندنی ئاشتی و بنەبڕکردنی جەنگ و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و هێشویی و قەدەغەکردنی مین لە ئاستی جیهانی... هتد.

- پشتیوانیکردن لە قەدەغەکردنی چەکدارکردنی منداڵان.

- پشتیوانی لە کارو چالاکی ڕێکخراوەکانی دژ بە راستیزم و رەگەزپەرستی و کۆیلەداری.

- پشتیوانیکردن لە کارو خەباتی ڕێکخراوەکانی ژینگە پارێزی.





